# کارتی ڕێنوێنی یاسایی بۆ خۆپیشاندان (Bust Card- Legal Advice)

**<u>ئەگەر دەستگیر کرایت</u>**

- لە بنکەی پۆلیس، بە خێرایی مافی بەدەستهێنانی ڕێنوێنی یاساییت هەیە.
- مافی ئەوەت هەیە، کەسێك لە دەستگیربوونەکەت ئاگادار بکەیت.
- مافی خوێندنەوەی نامیلکەی (PACE code)ی پراکتیکی (C)ت هەیە، ئەوەی کە هەموو مافەکانتی تێدا تۆمارکراون.
- مافی بێدەنگی هەڵبژاردنت هەیە، واتە "وەڵام نەدانەوە" بە هەموو پرسیارەکان لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا.
- ئەگەر تەمەنت لە خوار 17 ساڵییەوە بێت، یا لەتەك .... دژواریت هەیە، دەبێت کەسێکی ڕوشد (باڵغ) لە بنەکەی پۆلیس لەتەکتدا ئامادەبێت.
- لە کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەتەکدا، ئەگەر ئینگلیزی زمانی یەکەمت نییە، ئەوا مافی داواکردنی وەرگێڕت هەیە و پۆلیس دەبێت بۆت دابین بکات.

**<u>ژمارەی تەلەفونی ئەو پارێزەرانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراون</u> (تکایە ئەم ژمارە تەلەفۆنانە لای خۆت بنووسە)**

**Bindmans <u>0207 833 4433</u>**
**Hodge Jones and Allen <u>07659 111 192</u>**

ئەم پارێزەرانە ڕەنگە نەتوانن بە زمانەکەی تۆ قسە بکەن ، لەو بارەدا پێویستت بە وەرگێڕ دەبێت.

**<u>ڕێنوێنی پێویست لە بارەی ڕاگرتن و پشکنینی جەستەیی لە شەقامدا</u>**

- پێش پشکنینی جەستەت، دەبێت پۆلیسەکان نێوی خۆیان و ناوەندی پۆلیسخانەکەیان بڵێن، هەروەها دەبێت پێت بڵێن، کە بە پێی چ بڕیارێك و. لەبەر چی دەیانەوێت بتپشکنن.
- ئەگەر بە بیانووەکەیان ڕازی نەبووی، مافی ئەوەت هەیە، کە ناو و ئادرەسی خۆتیان پێنەڵێیت و وەڵامی پرسیارەکانیان نەدەیتەوە.

**<u>ئەگەر بینەر و گەواهی دەستگیرکردنی کەسێکی دیکە بوویت</u>**

- ئەوەی دیتووتە دەستبەجێ تۆماری بکە، لەبەر ئەوەی کە دادگەیکردنی پەیوەست لەوانەیە هەندێك جار پاش چەند مانگ یا ساڵ بەرپابکرێت، ئەو کات ئەگەری لەبیرچوونی دیتنەکان و وردەکارییەکانی ڕووداوەکەت هەیە.
- گەر گیرایت یاخود ویستت شایەتی لەسە گرتن بدەیت ، هەر کە هەلت بۆ ڕەخسا ئەوەی کە ڕویدا بە زووترین کات بینوسە و بینێرە. چونکە ڕەنگە دادگا دوابکەێت بۆ مانگێک هەتا ساڵیش بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە ، بۆیە گرنگە کاتێک کە شتەکانت لە یادە ریکۆردی بکەیت.

**<u>پشتیوانییە مافییەکانی دیکە:</u>**

- لە باری دیتنی دەستگیرکردنی کەسانی دیکە و پێداویستی بەدەستهێنانی زانیاری فرەتر، لەرێگەی تەلەفۆن یا ئیمەیلەوە لەتەك نووسینگەی مافیی خوارەوە پەیوەندی بگرە:

**Arrestee Suprt**
**Tel**: 07946 541 511
e-mail: ldmgmail@yahoo.co.uk
Legal Defence and Monitoring Group
www.ldmg.org.uk
Green and Black Cross Legal
www.greenandblackcross.org/legal